# جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان:
# سیناریۆی "هەڵبژاردن" گاڵتە جارە، تەحریم وریسوای بکەن!

بریار وایە جاریکی تر پەنجەمۆرتان بۆ چارەنووس وئایندەیەك وەربگیریت کە هیچ پەیوەندیەکی بە خواست وئامانجەکانتانەوە نىیە. جاریکی تر ئیوە بەرەو سندوقەکانی هەلبژاردنیکی موزەیەفو بىناوەرۆك بە کیش دەکرین کە هیچ ئومیدو ئالوگۆرێ ناخاتە بەرچاو، هەر بۆیە پیش وەخت لیستیان حازرە، کورسىیەکانیان وەك برا گەورە وبرا بچوك لە نیو خۆیاندا بەش کردووە، تەنها بانگتان دەکەن بۆیان مۆرکەن. ئەم سیناریۆیە تازە نىیە ودوانزە ساڵ لەمەوبەریش بینیوتانە. پەنجەمۆرتان بۆ ئیعلانی بىدەسەلاتی وتەسلیم بوونتان بۆ تاڵترین ئەمری واقع وەردەگرن. ئەمە نمونەیەکە لە بەیعەت بۆ سەپاندنی ئەوەی ئەحزابی کوردایەتی دەسەلاتدار هەروا خەریکی سەودا ومامەلە وکرین وفرۆشتنی چارەنوسی خەلکی کوردستان بن، نەك هەلبژاردن بۆ ئەوەی خواستی ئیوەیە.

83 ساڵ لەمەوبەر لە ئەنجامی بەیعەتی سەرۆك عەشیرەت ودەرەبەگەکانی کوردستان، بەدەر لە خواستو ئیرادەی خەڵکەکەی، ئەم ناوچەیەیان کرد بە بەشێك لە عیراق، خەڵکی کوردستانیان کرد بە ڕەعیەتی ڕژێمێکی قەومی عروبی. سەرەتای تراجیدیای دەیان ساڵەی پڕ لە سەرکوت و کوشتار وجینۆساید وکیمیابارانی ئێمەیان بە نرخی وەرگرتنی ئیمتیازاتێکی پووچ تۆمار کرد. ڕایانگەیاند کە خەلکی ستەمدیدەی کوردستان هاووڵاتی دەرەجە دووی عیراقن، کوردزمانی نیشتەجێی وولاتیکی عەرەبین. ئەمڕۆ جاریکی تر دەسەلاتداران وسەرمایەدارانی کوردستان هەمان یاری دەکەنەوە. بەلام ئەمجارە پەنجەمۆری دانە بەدانەی ئێوە بە ناوی هەلبژاردنەوە وەردەگرن بۆ چارەنووسێك کە هیچی لە هەشتا ساڵی ڕابردوو کەمتر نابێت.

## خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان:

بەشداریتان لەم بەناو هەڵبژاردنە بە مانای ڕەزامەندی نیشاندانە بۆ بوون بە ڕەعیتی دەوڵەتێکی ئیسلامی یا ناسیۆنالیستی عەرەبی، قبووڵ کردنی دەرەجە دوویىیە، ڕازی بوونە بە ژێرچەپۆکەیی. ئەم یارىیە ڕیسوایە، ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئەم بەناو هەڵبژاردنە موقاتەعە وڕیسوا دەکەین، نابێ ڕیگە بدەین ئەم یارىیە بۆ سەرۆك عەشیرەت وسەرمایەدارانی کوردستان بچێتە سەر، بەر لە هەر هەڵبژاردنێك دەبێت ریفراندۆم بەرپا بکرێت، بەرلەوەی پەنجە مۆری خەڵك بۆ بەستنی ئیجباری کوردستان بە عیراقەوە وەربگیریت، دەبێ خەڵك لە ڕاپرسىیەکی ئازاددا بڕیاری خۆیان لەسەر ئەوەبدەن کە چىیان دەوێت: سەربەخۆیی یان مانەوە لە عیراقدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کەس وەکیلی خەڵکی کوردستان نىیە.

## جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان:

ئێوە کە چەند مانگ لەمەوبەر دوو ملیۆن ئیمزاتان بۆ ریفراندۆم دا لە مافی ئینسانی خۆتان مەبوورن، لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ کۆمۆنیستە کرێکارىیەکانی کوردستان، گالتەجاری هەڵبژاردن، موقاتەعە و ڕیسوا بکەن.

هەربژی کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ

ئەمجەد غەفور

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

دیسەمبەری 2004